# چۆنیەتی نوسینەوەی ئۆڕنەمێنتەکان لە نێو نۆتە موزیکییە کوردییە کۆنەکانی باشوری کوردستان

**ID No. 164**

(PP 158 – 177)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.4.10

**هەژار احمد مصطفی** **کاوان احمد الیاس**

بەشی موزیک- کۆلێژی هونەرە جوانەکان / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

kawan.elias@su.edu.krd hazhar.mustafa@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/01/13**

**پەسندکردن : 2022/05/11**

**بڵاوکردنەوە : 2022/09/05**

**پوختە**

ئەم هەوڵە توێژینەوەیەکی وەصفی و شیکارییە لە سەر چۆنیەتی نوسینەوەی ئۆڕنەمێنتەکانی موزیک لە نێو نۆتە موزیکییە کوردییە کۆنەکان، بەتایبەتی لە تیپی هونەری هەولێر و تیپی مۆسیقای سلێمانی و دهۆک.

ناروونی ئەم بابەتە، بووە پاڵنەری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە. چونکە بەشی زۆری نۆتە بەردەستەکان، خاڵین لەم هێما ئۆڕنەمێنتیانە و کەچی بە گوێگرتن ژەنراوان پڕن لەم هێما ئۆڕنەمێنتیانە. بۆیە ئەم بارودۆخە کۆمەڵێک پرسیاری لە لای توێژەران دروست کرد، گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە، بووە هەوێنی پرۆسەی ئەم لێکۆڵینەوەیە. لە پێناو یەکلاکردنەوەی بابەتی ئۆڕنەمێنت لە نێو موزیک و گۆرانی کوردی کە ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە. بۆ ئەم مەبەستە، داتاکانی وەک نۆتەی بەرهەمەکان، دەنگی گۆرانییەکان، کاسیەت و دەستنوسەکان لە سەر ئەم تیپانە کۆکرانەوە، بە هۆی کەمی سەرچاوەی نوسراو، بە پرۆسەی چاوپێکەوتنە کەسییەکان لەگەڵ ئەندامان و ژەنیارانی ئەم تیپانە، چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی ئۆڕنەمێنت لە نێو موزیکی کوردیدا، یەکلا کرایەوە.

**کلیلی وشەکان:-** ئۆڕنەمێنتەکان، نۆتە، نۆتەی موزیکی کوردی، نۆتەی موزیکی کوردی کۆن.

## 1. پێشەکی:

- **ئۆڕنەمێنتەکان (Ornaments):-** کۆمەڵێک هێما و نۆتەی وەردن کە لە سەر یان لە پێش نۆتەی موزیک دادەنرێن، نۆتە موزیکییەکان دەنەخشێنن. ( هاڵست. ئیمۆجن، ٢٠٠٥، ل٢٤٩).
- **نۆتە(Note):-** لە زمانی موزیکدا،دەنگ بە هۆی کۆمەڵێک هێما دەردەبڕێ، پێیان دەگوترێ نۆتە. ( لۆڤلەک.ولیەمر، ٢٠٠٠، ل١٧).
- **نۆتەی موزیکی کوردی:-** لە گفتوگۆیەکی تایبەت ئەنوەر قەرەداغی (2021، September.26) سەبارەت بە نۆتەی موزیکی کوردی ووتی:- نۆتەی موزیکی کوردی، نۆتەی گۆڕانییە کوردییەکانن کە لەلایەن موزیککارانی کورد نوسراونەتەوە.
- **نۆتەی موزیکی کوردی کۆن:-** لە گفتوگۆیەکی تایبەت سەرکار (2021)، (August .29) سەبارەت بە نۆتەی موزیکی کوردی کۆن ووتی:- ئەو نۆتە موزیکییانە دەگرێتەوە کە بەر لە پەیدابوونی بەنامە ئەلیکترۆنییەکانی نۆتە نوسین، لە لایەن موزیککارانی کورد بە دەست نوسراونەتەوە.

ئەم توێژینەوە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (جۆنییەتی بەکارهێنانی ئۆڕنەمێنتەکان لە نێو نۆتە موزیککیە کوردییە کۆنەکانی باشووری کوردستان) ڕۆڵ و پێگەی ئەم ئۆڕنەمێنتە موزیکییانە لە نێو نۆتەی گۆرانییە کوردییە کۆنەکانی باشووری کوردستان تایبەت لە تیپەکانی ( هەولێر وسلێمانی و دهۆک) بەدیاردەخات و بە ئامانجی گەیشتن بە و ئەنجامەی کە تاچ ڕادەیەک لە نێو نۆتەی موزیکی کوردیدا بەکارهاتوون و ڕەنگیان داوەتەوە..

وشەی ئۆڕنەمێنت وشەیەکی (ئینگلیزی) یە، کە بە واتای ڕازاندنەوە یان نەخشاندن دێت. وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا گشتگیرە و بۆ زۆربەی بوارەکان بەکاردێت. بۆیە بۆ ئەوەی لە موزیکدا واتاکەی دیار بێت و لەگەڵ بوارەکانی دیکە تێکەڵ نەبێت، هەمیشە لەگەڵ وشەی موزیک یان وشەی نۆتە پێکەوە دێن و پێیان دەوترێت ئۆڕنەمێنتە موزیکییەکان یان نۆتە ئۆڕنەمێنتییەکان ( Music

Ornaments). لە هەندێک سەرچاوەی کوردییەکان، وشەی (نەخش)ەکان بۆ دەربڕینی واتای ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتییانە بەکارهێنراوە، لە ڕاستیدا ناتوانین بڵێین ئەم وشەیە بە تەواوی دروستە و ماناکەی پێکاوە. چونکە وەرگێڕانی ئەم دەستەواژە موزیکییانە بۆ زمانی کوردی، ناکرێت هەریەکە و بە ئارەزووی خۆی بڕیاری لەسەر بدات، بەڵکو پێویستە بە کۆنفرانسی زانستی کۆدەنگیان لە سەر دروست بکرێت و یەکلا بکرێتەوە. لەم توێژینوەیەدا تیشك دەخەینە سەر موزیك و گورانی كوردی، كە وەك موزیكی كەلانی دیكە بێبەش نییە لەم ئۆرنەمێنتە موزیکییانە. چونکە وەک ئاشکرایە کاراکتەری گۆرانی کوردی و جۆرەکانی، تاڕادەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بە وردەکاری و جوانکاری و لەرینەوەی دەنگ و یاری پێ کردنی قوڕگ. لەم لایەنەوە گەلێک جار نوسینەوەی ئەم وردەکاری و جوانکاریانەی گۆرانییەکان وەک خۆیان بێ ئەوەی کاراکتەرەکانیان لە دەست بچێت، پێویستی بەکارهێنانی ئەم ئۆڕنەمێنتە موزیکییانە دەخزێنێتە نێو نۆتەی موزیکی گۆڕانییە کوردییەکان. چونکە بە بێ بوون و بەکارهێنانی ئەم ئۆڕنەمێنتە موزیکییانە نەتوانرێت بە تەواوی چێژ و هەستی میلۆدییەکان بە گوێچکە بگات.

بیرکردنەوە لە کارکردن و توێژینەوە لە سەر ئەم بابەتە، لەم ڕوانگەوە سەرچاوەی گرت، کە توێژەران هەستیان بە خەوش و خاڵی زۆر و ناڕوونی ئەم ئۆڕنەمێنتانە لە نێو نۆتەی گۆرانییە کوردییەکاندا کرد. چونکە بەشێکی زۆری گۆرانییەکان کە نۆتەکانیان بەردەست بوون، ئەم وردەکاریانەیان تیادا نەنوسرابوو، کەچی کە گوێیان لێدەگریت ئەم وردەکاریانە بە ڕوونی بەرگوێ دەکەوتن. ئەم هۆکارانە بوون بە هەوێنی ئەوەی توێژەران بۆ گەیشتن بە یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە و ئەم کێشەیە دەست بە پرۆسەی توێژینەوە لە هۆکاری نەنوسین و بەدی نەکردنی ئەم ئۆڕنەمێنتانە لە نێو نۆتە موزیکییە کوردییە کۆنەکان دا بکەن لە پیناو گەیشت بە ئامانج.

**1.1 گرنگی توێژینەوەکە: -**

- چۆنی و چەندی بەکارهێنانی ئۆڕنەمێنتە موزیکییەکان، لە نێو نۆتەی بەرهەمە کوردییەکاندا دەردەخات.
- ڕۆڵ و پێگەی ئەم ئۆڕنەمێنتە موزیکییانە لە بەرهەمەکانی تیپی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) دەردەخات، چۆنییەتی مامەڵە کردنی ئەم تیپانە لەگەڵیان ڕووندەکاتەوە.
- مێژووی سەرهەڵدانی نۆتەی موزیک لە شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک ڕووندەکاتەوە.

**1.2 ئامانجی توێژینەوە:-**

- دەرخستنی چۆنیەتی نوسینەوە و بەکارهێنانی ئۆرنەمێنتە موزیکییەکان لە نێو نۆتە موزیکیە کوردییە کۆنەکەکانی باشوری کوردستان.

**1.3 کێشەی توێژینەوە:-**

- دیار نەبوونی چەندی و چۆنییەتی نوسینەوە و بەکارهێنانی ئۆڕنەمێنتە موزیکییەکان لە نێو نۆتەی موزیکی کوردی لە تیپە موزیکییەکانی باشوری کوردستان.
- نا ڕوونی مێژووی سەرهەڵدانی نۆتەی موزیک لە کوردستانی باشور، شاری (هەولێر، سلێمانی و دهۆک).
- نادیاری ڕۆڵ و پێگە ئەم ئۆڕنەمێنتە موزیکیانەوە و چۆنییەتی مامەڵە پێکردنیان لە تیپە موزیکییەکانی باشوری کوردستان.

**1.4 سنووری توێژینەوە: -**

- سنووری جوگرافی: باشوری کوردستان. (هەولێر، سلێمانی، دهۆک).
- سنووری مێژوویی: ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧١-١٩٨٠) بەرهەمی هەر سێ تیپی هونەری هەولێر و تیپی مۆسیقای سلێمانی و دهۆک دەگرێتەوە.
- سنووری بابەتی: سنوری بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (چۆنییەتی نوسینەوەی ئۆڕنەمێنتەکان لە نێو نۆتە موزیکییە کوردییە کۆنەکانی باشوری کوردستان). کار دەکات لە سەر چۆنی و چەندی بەکارهێنانی (ئۆڕنەمێنتە موزیکییەکان) لە نێو نۆتەی موزیکی کوردیدا، پشت بەستن بە نۆتەی بەرهەمی هەر سێ تیپی هونەری هەولێر و تیپی مۆسیقای سلێمانی و دهۆک، ئەم بابەتە یەکلا دەکاتەوە.

### 1.5 میتۆدەکانی توێژینەوەکە:-

ئەم تویژینەوەیە لە پێناو یەکلاکردنەوەی بابەتی ئۆڕنەمێنت لە نێو نۆتەی موزیکی کوردیدا بە تایبەت نۆتە موزیکییە کوردییە کۆنەکانی هەر سێ تیپی هونەری هەولێر و مۆسیقای سلێمانی و دهۆک ئەنجام درا. بە هۆی کەمی سەرچاوەی نۆسراو لەسەر ئەم بابەتە، توێژەران پشتیان بە میتۆدی گەڕانی مەیدانی و چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ شارەزایان و هونەرمەندانی ئەم تیپانە بەستووە. هەموو ئەو دیمانە و چاوپێکەوتنە میدیاییانە بەستووە کە لە ڕاگەیاندنەکان سەبارەت بەم تیپانە لەگەڵ هونەرمەندان لە ڕابردوودا ئەنجام دراون. هەروەها لە هەمان کاتدا پشت بەستراوە بە نوسینەکان کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەسەر مێژووی ئەم تیپانە نوسراون و بەدی دەکرێن وەک گۆڤارەکانی تاوی هونەر و ڕامان بەنموونە. هەروەها جگە لەمانەش توێژەران بۆ پێناسە و ڕوونکردنەوەی ژەنین و نوسینی ئەم ئۆڕنەمێنتانە، پشتیان بە گەلێک پەرتووک و سەرچاوەی نوسراو بە زمانی جیاواز بەستووە، وەک کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. هەروەها لە ڕووی پەیداکردنی نموونەکانی توێژینەوە.

### 1.6 ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان:-

بێگومان بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان، وەرگرتنی ڕآی پسپۆڕان و ڕیکۆردکردنی دەنگی شارەزایان، توێژەران پشتیان بە گەلێك ئامراز بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەستووە، وەک یوتوب و فەیسبوک، کە گەلێک لە گۆرانییەکان و نمونەکان وەک دەنگ و نۆتە لێیانەوە وەرگیراوە. هەروەها سود لە ئامێری مۆبایل وەرگیراوە بۆ پەیوەندی کردن و ڕیکۆڕ کردنی دەنگی شارەزایان و هونەرمەندانی تیپەکەکان لە پێناو دەستکەوتنی زانیاری. چونکە بەشێک لە پسپۆڕان و ئەو هونەرمەندانە، کە لەم تیپانەدا لە ڕابردوو بەشێوەی مەیدانی کاریان کردووە، یان لە شارەکانی دیکەی کوردستان وەک سلێمانی و دهۆک دا دەژین یان لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن. توێژەران دوای وەرگرتنی ڕای ئەم پشپۆڕانە و وەرگرتنی زانیارییەکان لە ڕێگەی ڕیکۆرد و چاوپێکەوتنەکان وەک باسمان کرد، هەساون بە پاکتاوکردنی رایەکان و یەکتاگیرکردنیان و پشت گوێخستنی بیروڕا نەگونجاوەکان و لێکدانەوەیان لەگەڵ یەکدی و دواجار نوسینەوەی بیروڕا ڕاستەکان لە سەر بابەتی ئۆڕنەمێنت لە نێو موزیک و گۆڕانی کوردیدا. هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان توێژەران پشتیان بە ئامرازەکانی وەک کاسیەت و سی دی و یوتوب و نۆتە دەستنوسەکانی تیپەکان بەستووە، کە گۆرانییە کۆنەکانی ئەم تیپانەیان تیدا بەدی کراوە. هەندێک لەم کاسییەت و گۆرانیانە بە سوپاسەوە لەلایەن هونەرمەندانی تیپەکان پێشکەش بەم توێژینەوەیە کرا تا کاری توێژینەوەکەمان بە ئەنجام گەیاند.

### 1.7 کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە:-

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوە، پێکدێت لە کۆمەڵگای کوردستانی بەرهەمی هونەری هەر سێ تیپی هونەری هەولێر و مۆسیقای سلێمانی و دهۆک. لە کورستانی عێراق. دەگرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە وەک نمونەکانی توێژینەوە پشت بە نۆتە و بەرهەمە موزیکی و گۆرانییەکانی ئەم تیپانە بەستراوە، کە ماوەی ساڵانی دامەزراندنیان تاکو ساڵی ١٩٨٠ چونکە لە دوای ساڵی ١٩٨٠ چالاکییە هونەرییەکانی ئەم تیپانە بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق – ئێران بەرەو کزی و لاوازی چوون. شایانی باسە، توێژەران بۆیە ئەم بەرهەمەکانی نێوان ئەم ماوەیەیان هەڵبژارد کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ ، چونکە لەم ماوەیەدا هەر سێ تیپ لە ڕووی هونەرییەوە بەرهەمەکانیان لە لوتکەدا بوو، زۆرترین بەرهەمی جوانیان پێشکەش بە کۆمەڵگای کوردی لە کوردستانی عێراقدا کرد. شایەنی باسە بەرهەمەکان لەم ماوەیەدا بە گشتی بریتییە لە ١٣٩ بەرهەمی گۆرانی و موزیک کە توێژەران بە هۆی نۆتە دەستنوسەکانیان و گوێگرتن لێیان و وەرگرتنی ڕای شارەزایان بابەتی ئۆڕنەمێنتیان یەکلاکردەوە.

### 2. شیکردنەوەی ئۆڕنەمێنتەکان (Ornaments): -

ئۆڕنەمێنتە موزیکییەکان (Music Ornaments):- بریتین لە چەند جۆرێک نۆتەی ورد یان هێما، کە بۆ ئارایشتکردن و نەخشاندنی ئاوازەکان دەخرێنە سەر یاخود پێش نۆتە سەرەکییەکانی ئاواز. ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتیانە، بە قەبارە لە نۆتە سەرەکییەکانی ئاواز بچووکتر دەنوسرێن و کاتەکانیان لە کاتی ئەو نۆتەیە وەردەگرن کە دەنەخشێنرێت. بۆیە بە شێوەیەکی ئاسایی لە خانەکاندا جێگایان دەبێتەوە بێ ئەوەی مافی ترپەکان بخۆن. ( لۆڤلەک.ولیەم، ٢٠٠٠، ل٢٢٩).

مێژووی سەرهەڵدانی ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتییانە، بۆ سەردەمی بارۆک لە ماوەی نێوان (١٦٠٠- ١٧٥٠ز) دەگەڕێتەوە. چونکە یەکێک لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی موزیکی بارۆکی (Baroque Music) بە هەردوو جۆری ئۆپێرایی (Operatic)، ئامێری (Instrumental)،

بریتی بوو لە ئاڕایشتکردنی ئاوازەکان بەهۆی بەکارهێنانی ئەم نۆتە و هێمایانەی نەخشاندن، کە لەم سەردەمەدا پێیان ووتراوە (Ornaments). یان نۆتە ناسکەکان (Grace-notes). بەجێهێنەرانی سەردەمی باڕۆک، لە سەدەکانی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی هەژدەهەم، گەلێک جار لە بەکارهێنان و ژەنینی ئەم ئۆڕنەمێنتانەدا گیروگرفتی زۆریان دەهاتە بەردەم. لە بەرئەوەی موزیکدانەرانی سەردەمەکە لە کاتی پەرەسەندنی ئەم ئۆڕنەمێنتانەدا لە هەردوو سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم، بە شێوەیەکی ڕوون و دیار ماناو چەمکی ئەم ئۆڕنەمێنتانەیان بە تەواوی ڕوون نەدەکردەوە و لە نوسینی ئەم نۆتە ئۆرنەمێنتیانە یەک شیوازی ستاندارتیان نەبوو. ( هاڵست. ئیمۆجن، ٢٠٠٥، ل٢٤٩).


یەکێک لە هۆکارەکانی دیکەی ئەوەی ژەنیارانی سەدەی حەڤدەم لە خوێندنەوەی ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتیانە شێوازێکی ستاندارتییان نەبوو، دەگەڕێتەوە بۆ جیاواز شێوە ژەنینی ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتیانە کە لە فەرەنسا و ئیتاليا و ئەلمانیا شێوەی ژەنینیان جیاواز بوو. ئەم شێوە ژەنینە جیاوازەی ئەم ئۆڕنەمێنتانە لەم وڵاتانە، جۆرێک لە ئاڵۆزی و ئاستەنگی بۆ ژەنیاران لە ژەنینی ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتانە دروست کردبوو، بۆیە ببوو بە هۆکاری ئەوەی هەریەکە و بەویست و ئارەزووی خۆی چۆنی پێ خۆش بوو ئەم نەخشانەی دەژەنی. بێگومان ئەمەش بە هەڵەیەکی زەق و گەورەی ژەنینی ئەم ئۆڕنەمێنتانە بوو. بەڵام دانەرانی سەردەمانی دوای سەدەی حەڤدە، ئەم کێشەیان چارەسەر کرد و ئەو شێوە ژەنینەی دەیانویست بە ڕوونی دەیانوسییەوە و بە شێوەیەکی ڕوون و دیار ماناو چەمکی ئەم ئۆڕنەمێنتانەیان ڕوون دەکردەوە. بەم شێوەیە کێشەی ژەنینی ئەم ئۆڕنەمێنتانەیان چارەسەر کرد و شێوەی ژەنینی ئەم ئۆڕنەمێنتانەیان ستانداردیان بەڕوونی بەم شێوەی ئێستا دیار کر، کە لە خوارەوە پێناسە کراون. (Neumann. Frederick, 1978, p 4-7).

**2.1 ترِێل (Trill): -** واتە بە خێرا ژەنینی نۆتەی سەرەکی و نۆتەیەک سەرووی و دووبارە ژەنینەوەی نۆتە سەرەکییەکە. خایاندنی ئەم کردارە، بە گوێرەی خایاندی کاتی نۆتە سەرەکییەکە بەردەوام دەبێت. ئەگەر لە پێش نۆتە سەرەکییەکە نۆتەیەکی بچووک هەبوو، ترِێلەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەبێت. ترِێڵ بە پێوانی ئینتەرڤاڵی هەمیشە لە مەودای نێوان تۆنێکی تەواو یان نیو تۆن دا دەبێت. ئەگەر هێمای دێز یان بیمۆڵ لە سەر هێمای ترِێڵ دانرابێت، ئەوە هێماکە دەچێتە سەر نۆتەی دووەم و بۆ نۆتەی دووەم دەبێت، واتە بۆ نۆتەکەی سەر نۆتە سەرەییەکە دەبێت. ئەگەر ترِێڵ نۆتەی ئەپۆچیاتۆرای لە پێش هات، ئەوە نۆتە بچووکە ئەپۆچیاتۆراکە دەوری نۆتەی سەرەکی دەبینێت و کاتەکە لەگەڵ نۆتەی سەرەکی بە یەکسانی دابەش دەکات. وەک لەم نموونەی خوارەوە ئەم شێوە ژەنینانەی ترِێڵ ڕوونکراونەتەوە. (ئازید. جەلیل، ٢٠١٦، ل١٨٨).



نموونە (١) ڕوونکردنەوەی شێوەکانی ژەنینی ترِێڵ.

**2.2 مۆڕدێنت (Mordent): -** گۆڕانێکی دووبارەی خێرایە، لە نێوان دوو نۆتەی دیاریکراو. کە بە دوو جۆر بەدی دەکرێت. جۆری یەکەم پێی دەوترێت مۆڕدێنتی سەروو (Upper Mordent) لە هەمان کاتدا بە پرِۆلتریلێر(Pralltriller) و مۆڕدێنتی هەڵگەڕاوەش (Inverted Mordent) ناودەبرێت. بەم هێمایە (𝆖) لە سەر نۆتە دیاری دەکرێت. هەر کاتێک لە سەر نۆتە دانرا، نۆتەکە دەنەخشێنێت و دەیکات بە سێ کەرت (کەرتی یەکەم = بە نۆتەی سەرەکی، کەرتی دووەم = بە یەک نۆتە سەرووی نۆتەی سەرەکی و کەرتی سێیەم بریتییە لە دووبارە بوونەوەی هەمان نۆتە سەرەکییەکە). هەمیشە کاتی ئەم سێ نۆتەیە، بە پێی خێرایی پارچە موزیکەکە دەگۆڕێت. ئەگەر هاتوو دێز یان بیمۆڵ لەسەر هێمای مۆڕدێنتی سەروو دانرابوو، کار لە کەرتی دووەم دەکات واتە دەچێتە سەر نۆتەی سەرووی نۆتە سەرەکییەکە. وەک لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە .(Wendy. Heller, 2014, p18)




نموونە (٢) ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی ژەنین و نوسینی مۆڕدێنت.

**2.3 مۆڕدێنت (Mordent):-** بەم هێمایە (𝆖) لە سەر نۆتە دادەنرێت. بە هەمان شێوەی مۆڕدێنتی سەروو نۆتەی سەرەکی دەنەخشێنێ و دەیکات بە سێ کەرت. بەڵام کەرتی دووەمی لە بڕی ئەوەی نۆتەیەک سەرەوەی نۆتەی سەرەکی بێت نۆتەیەک خوارەوەی دەبێت. واتە (کەرتی یەکەم = بە نۆتەی سەرەکی، کەرتی دووەم = بە نۆتەیەک خوار نۆتەی سەرەکی، کەرتی سێیەم = بە دووپات بوونەوەی نۆتەی سەرەکی). هەندێک جار هێمای دێز یان بیمۆڵ لە ژێر هێمای مۆڕدێنت دادەنرێت، بۆیە کار لە نۆتەکەی خوار نۆتەی سەرەکی دەکات کە بریتییە لە کەرتی دووەم. وەک لەم نموونەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە. ( هاڵست.ئیمۆجن، ٢٠٠٥، ل٢٤٩).




نموونە (٣) ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی ژەنینی مۆڕدێنت لەگەڵ (دێز).

**2.4 پێچدانەوە (Turn) (~):-** ئەم هێمایە لە سەر نۆتەی سەرەکی دادەنرێت و نۆتەکە دەنەخشێنێت و دەیکات بە چوار کەرت. ( کەرتی یەکەم نۆتەیەک سەر نۆتەی سەرەکی، کەرتی دووەم نۆتەی سەرەکی، کەرتی سێیەم نۆتەیەک خوار نۆتەی سەرەکی، کەرتی چوارەم هەمان نۆتەی سەرەکی) دووپات دەبێتەوە. بە سێ شێوە بەکاردێت. شێوەی یەکەم لە سەر نۆتە و ئەوی دیکەیان لە دوای نۆتە و شێوەی سێیەمیش بەشێوەی هەڵگەڕاوە. لە حاڵەتی یەکەمیان هەتا تێژرەوی خاوتربێت کاتی سێ نۆتەی یەکەمی پێچدانەوەکە کورتتر و خێراتر دەبێت. بەڵام لە حاڵەتی دووەم کاتێک هێمای پێچدانەوە لە دوای نۆتەی سەرەکی دادەنرێت، کاتی نۆتە سەرەکییەکە تا لە توانا دابێت درێژ دەکرێتەوە، پاشان لە کاتێکی کورتی کۆتایی نۆتە سەرەکییەکە، نۆتەکانی پێچدانەوە بە خێرایی دەژەنرێن. هەروەها ئەم جۆرەیان لە تێژڕەویە خاوەکاندا، چوار نۆتەکەی بەکاتی دەبڵ کرۆش دەژەنرێن و لە تێژڕەویە خێراکاندا بە کاتی ترێبل کرۆش. هەروەها پێچدانەوە بە هەمان شێوەی مۆڕدێنت لەگەڵ هێمای گۆڕانە ناکاوەکان واتە لەگەڵ (دێز و بیمۆڵ) دێت. دانانی گۆڕانە ناکاوەکان لە سەر هێمای پێچدانەوە، کار لە نۆتەکەی سەرووی نۆتە سەرەکییەکە دەکات، بەڵام دانانیان لە خوارەوەی هێمای پێچدانەوە کار لە نۆتەی خوارووی نۆیەی سەرەکی دەکات. هەروەها جۆری سێیەمی پێچدانەوە، بریتییە لە پێچدانەوەی هەڵگەڕاوە (Inverted Turn)، کە بەم جۆرە (~) دەنوسریت. نۆتەکە دەنەخشێنێت و دەیکات بە چوار کەرت ( کەرتی یەکەم نۆتەیەک خوار نۆتەی سەرەکی، کەرتی دووەم نۆتەی سەرەکی، کەرتی سێیەم نۆتەیەک سەر نۆتەی سەرەکی، کەرتی چوارەم هەمان نۆتەی سەرەکی). بە هەمان شێوەی دوو جۆرەکەی دیکە هێمای گۆڕانە ناکاوەکان وەردەگرێت. وەک لەم نموونەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە. (لۆڤلەک.ولیەم، ٢٠٠٠، ل٢٣٤).




نموونە(٤) ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی ژەنینی شێوەکانی پێچدانەوە.

**2.5 ئاپۆجیاتۆرا (Appoggiatura or leaning note): -** ووشەکە لە زمانی ئیتاڵی هاتووە، بریتییە لە نۆتەیەکی بچووکی نەخشاندن کە بە هەنگاوێک نزمتر یان بەرزتر لە بەردەم نۆتەی سەرەکی دادەنرێت و بە هۆی کەوانی بەستن بە نۆتەی سەرەکی دەبەسترێت و ئاراستەی قەدی بە پێچەوانەی نۆتەی سەرەکییەوە دەبێت و کوشارێکی کەم وەردەگرێت، کاتەکەی بەم سێ شێوەی خوارەوە لە کاتی نۆتە سەرەکییە نەخشینراوەکە وەردەگرێت.

- گەر نۆتە سەرەکییە نەخشینراوەکە توانای دابەش بوونی بە سەر دوو بەشی یەکسان هەبێت، نۆتەی ئاپۆجیاتۆرا نیوەی کاتەکەی لێ دەبات.
- گەر کاتی نۆتە سەرەکییە نەخشێنراوەکە درێژبێت و بەسەر سێ بەشی یەکسان دابەش بێت، نۆتەی ئاپۆجیاتۆرا دوو بەشی کاتەکەی لێ دە بات.
- گەر کاتی نۆتە سەرەکییە نەخشێنراوەکە کورت بێت و بەسەر سێ بەشی یەکسان دابەش بێت، یەک لەسەر سێ بەشی کاتەکەی لێ دە بات. (Valery et all, 1995, pp10-42 )




نموونە (٥) ڕوونکردنەوەی شێوەکانی ژەنینی نۆتەی ئاپۆچیاتۆرا


**2.6 ئەکسیاکاتۆرا (Acciaccatura): -** نۆتەیەکی دیکەی نەخشاندنە کاتێکی زۆر کورت و خێرا لە نۆتە سەرەکییە نەخشینراوەکە وەردەگرێت، هەروەک ئاپۆجیاتۆرا دەنوسرێت بەڵام هێڵێکی کورت بەسەر کلکەکەیدا دەهێنرێت. جیاوازییەکەی لەگەڵ ئاپۆجیاتۆرا ئەوەیە کە لەگەڵ ترپە دەخوێنرێتەوە بە پێچەوانەی ئاپۆجیاتۆرا کە لە پێش ترپە دەخوێنرایەوە. بە چەند شێوەیەک بەدی دەکرێت، وەک لەم نموونەی خوارەوە پیشان دراون. (ابراهیم. مەهدی، ١٩٩٥، ص٤٧)




نموونە (٦) ڕوونکردنەوەی شێوەی ژەنینی نۆتەی ئەکسیاکاتۆرا.


**2.7 ئارپێجیۆ (Arpeggio): -** وشەی ئارپێجیۆ واتە ژەنین بەشێوازی ئارپێج، وەک شێوەی ژەنینی نۆتەکانی ئامێری هارپ. لە بەر ئەوەی لەم ئامێرەدا نۆتەکانی کۆرد، هەمیشە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەدوای یەکدا دەژەنرێت، هەمیشە لە سەرەتای ترپە دەست پێدەکات و هەریەک لە نۆتەکانی تا کۆتایی کۆردەکە درێژدەکرێتەوە و بەچەند شێوەیەک بەکاردێت، وەک لە خوارەوە ڕوون کراونەتەوە.

- ئەگەر ئارپێجیۆ بەبێ بەکارهێنانی هێماکەی ( ) بنوسرێت، ئەوا نۆتەکانی بە ترێبڵ کرۆش دەنوسرێتەوە و هەر نۆتەیەکیش هەتا کۆتایی کۆردەکە درێژدەکرێتەوە.
- ئەگەر وەک کۆردێکی درێژتر لە نوار دێت، نۆتەکانی هەر بەپێی نوار دەنوسرێت و پاشان ئەو کاتەی لێی ماوەتەوە، بە هۆی کەوانی بەستنەوە پێوەی دەلکێنرێت.
- هەندێک جار نۆتەی ئەپۆجیایۆرا، لەگەڵ کۆرذی ئارپێجیۆ دێت، کە بە بەرزترین یان نزمترین نۆتەی کۆردەکە دەبەسترێتەوە.
- ئەگەر بە نزمترین نۆتە بەسترایەوە ئەپاجیاتۆرا کاتی تەواوی خۆی وەردەگرێت.
- هەروەها ئەگەر بە بەرزترین نۆیەش بەسترایەوە، ئەوا بە هەمان شێوە کاتی تەواوی خۆی وەردەگرێت. بەڵام لەم حاڵەتەدا کەمێک ریزی نۆتەکانی ئارپێجیۆ تێکدەدات. وەک لەم نموونەی خوارەوە ڕوونکراونەتەوە (لۆڤلەک.ولیەم، ٢٠٠٠، ل٢٣٧).




نموونە (٦) ڕوونکردنەوەی شێوەکانی ژەنینی ئارپێچیۆ.

**2.8 گلیساندۆ (Glissando): -** وشەکە ئیتاڵییە، لە وشەی (Glissar) ی فەرەنسی وەرگیراوە. زۆر جار بۆ (Gliss) کورت دەکرێتەوە و بە مانای خشاندن یان خزاندن دێت. واتە ژەنین بە خزاندنی پەنجە لە سەر نۆتەیەکەوە بۆ نۆتەیەکی دیکە بۆ خوارەوە یان بۆ سەرەوە. هەروەها پۆرتەمێنتۆ (Portamento) کە بە هەمان شێوە وشەیەکی ئیتاڵییە، زۆرجار بۆ (port) کورت دەکرێتەوە و لە زمانی موزیکدا بە واتای بردنی دەنگێک بۆ دەنگێکی دیکە دێت. لە تیۆری موزیکدا بیرورای جیاواز لە بارەی بەکارهێنانی ئەم دوو ئۆرنەمێنتە هەیە. کە هەندێک پۆرتەمێنتۆ بە گلیساندۆی کورت دەستنیشان دەکەن. هەروەها هەندێک بۆچوونی دیکە دەڵێن گلیساندۆ بۆ ئامێرە ژێدارەکانە و پۆرتەمێنتۆ بۆ ئامێرەکانی شێوەی پیانۆ و هارپ و فۆدارەکانە. دیارە لە کۆندا پۆرتەمێنتۆ زیاتر بۆ دەنگی مرۆیی بەکارهاتووە. وەک لەم نموونەی خوارەوە شێوەی گلیساندۆ و پۆرتەمێنتۆ خراونەتەڕوو. (ئازید. جەلیل، ٢٠١٦، ل١٩٠).




نموونە (٧) ڕوونکردنەوەی شێوەی ژەنینی گلیساندۆ و پۆرتەمێنتۆ.

**3. مێژووی سەرهەڵدانی نۆتەی موزیک و ئۆڕنەمێنتەکان لە کوردستانی عێراق.**

بەهۆی ئەوەی بابەتی توێژینەوە چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی ئۆڕنەمێنتە لە نێو نۆتەی موزیکی کوردی کۆن لە کوردستانی باشوور، بۆیە توێژەران بە پێویستیان زانی سەرەتا مێژووی سەرهەڵدانی نۆتەی موزیک لە کوردستانی باشوور ڕوون بکەنەوە، بۆ ڕوون کردنەوە و ئاشکرا کردنی ئەم مێژووە، بە هۆی کەمی و نەبوونی سەرچاوەی نوسراو بەم مێژووە، توێژەران پشتیان بە چاوپێکەوتنی کەسی لەگەڵ موزیککارانی کۆنی تیپەکان بەست و بەم جۆرە مێژووی دەسپێک و سەرهەڵدانی نۆتەی موزیکییان لە کوردستانی باشوور لە هەر سێ شاری (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) یەکلا کردەوە.

**3.1 مێژووی سەرهەڵدانی نۆتەی موزیکی لە شاری سلێمانی.**

لەگەڵ کردنەوەی بەشی کوردی ئێسگەی بەغدا لە ١٩٢٩، چەندان هونەرمەندی کورد گۆرانیان تیا تۆمار کرد. لە ئەنجامی هاموشۆکردنی هونەرمەندان بۆ بەغدا و دەرچوونی کۆمەڵێک قوتابی لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا، هۆشیارییەکی هونەری هونەری گۆرانی و مۆسیقا وردە وردە لە هەموو شارەکانی کوردستان پەیدا بوو. ئەم هۆکارانە بونە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٥٤-١٩٥٥) سەرەتا تیپی مەولەوی بە سەرپەرشتی هونەرمەندان قادر دیلان و ولییەم یوحەنا و چەند هونەرمەندێکی دیکە لە سلێمانی دامەزرا. تیپی مۆسیقای سلێمانی لە مانگی ٩ی ساڵی (١٩٦٩) دوای جیابوونەوەی لە تیپی نواندنی سلێمانی دامەزرا، لە (١٩٧٣/٥/٢٣) مۆڵەتی فەرمی وەرگرتوە. بە درێژایی مێژووی تیپەکە خەرمانێک موزیک و گۆرانی پێشکەش بە کوردستان کردوە. لێرەدا بۆ دەرنەچوون لە بابەتی سەرەکی توێژینەوە، ناچینە باسی مێژووی تیپ بە قوڵی. ئەگەر هەموو مێژوو و چالاکی و کارەکانی ئەم تیپانە بنووسرێت، بەڕاستی هەر یەکەیان توێژینەوەیەکی تایبەتی پێویستە. (کۆیی، جیهانبەخش (٢٠٠٢)، ل١٣١).

بێگومان کە دەڵێین نوسراوە، مەبەست بەکارهێنانی ئەم ئۆڕنەمێنتانەیە، چونکە لە زۆربەی ئەم بەرهەمانە کە گوێ دەگرین، ئۆڕنەمێنت بەشێوەی سماعی بەکارهێنراون و بە وردی لە سەر نۆتەکان نە نوسراونەتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنت، کە خوێندنەوەی ئەم وردەکاریانە بۆ ژەنیارانی ئەو سای تیپەکە ئاسان نەبووە، بۆیە نەنوسراونەتەوە و بە سەماعی لێدراون.

سەبارەت بە مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە شاری سلێمانی، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا ئەنوەر قەرەداخی ( September 26, 2021) ووتی:- بێگومان لە سلێمانی لە دەوروبەری ساڵانی (١٩٣٥-١٩٤٠) نۆتەی موزیک هەبووە و کاری پێکراوە. پێش ئەم مێژووە نەک هەر تەنها لە سلێمانی، بەڵکو لە باشوری کوردستان بەگشتی بەڵگەی پێویست نییە کە بیسەلمێنێت نۆتەی موزیک هەبووبێت و کاری پێکرابێت. ئەم سەرهەڵدانەی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە سلێمانی لەم سەردەمە، دەگەڕێتەوە بۆ کەسێک بە ناوی (عبدالواحد حاجی ئاغا مستەفا)، کە ئەفسەرێکی کورد بووە لە سوپای عوسمانی، دوای ئەوەی لە تورکیا دەگەڕێتەوە لە سلێمانی دادەمەزرێت. بە هۆی ئەوەی شارەزایی لە مۆسیقا هەبووە، لە ماڵی ( خواجە فەنی) لە ساڵی(١٩٢٦-١٩٢٧) خولی فێرکردنی مۆسیقای بە نۆتە کردۆتەوە و نزیکەی (٥٠) قوتابی هەبووە. شایانی باسە دواتر تیپێکی مۆسیقای هەر لە قوتابیانی ئەم خولانە پێکهێناوە. بەڵام لەم کاتەدا خەڵک زۆر پێشوازیان لە فێربوونی نۆتەی موزیک نەکردوە، بۆیە زانستەکە تا دەوروبەری ساڵانی (١٩٥٠) زیاتر هەر لای خۆی ماوەتەوە و زۆر بڵاونەبۆتەوە.

لە ساڵی (١٩٤٧) وەفدێک لە بەغداوە کە پێک هاتبوون لە ( یۆحەنا پترۆس و مندالەکانی و جەمیل بەشیر)، دێنە سلێمانی و خولێک بە نۆتە بۆ فێربوونی ئامێرەکانی وەک (کەمان، عود، قانون، کلارنێت، ترامپێت) دەکەنەوە، ژمارەیەکی زۆر خەڵک وەک قادر دیلان و شەماڵ سائیب و هەندێک لە ئەندامەکانی تیپی مەولەوی و ڕۆشەنبیرانی سەردەمەکە تیایدا بەژدار دەبن. بێگومان ئەم خولە کاریگەریەکی زۆری هەبوو، کە خەڵک لە سلێمانی فێری نۆتەی موزیک بن و نۆتەی موزیک بە سلێمانیدا بڵاوبێتەوە. هاتنی ئەم مامۆستایانە و بڵاوبونەوەی ئەم ڕۆشەنبیرییەی موزیک لە سلێمانی، بەرچاو ڕوونییەکی زۆری دا بە خەڵکی شارەکە و بووە هۆی ئەوەی چەند کەسێک لە سلێمانی بۆ خوێندنی موزیک ڕوویان لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغداد کرد و بڕوانامەی ئەکادیمییان بەدەست هێنا. دیارترینیان بریتی بوون لە (ولییەم یوحەنا، جەلال عزیز، فەرید عیسا، فەرەیدون دارتاش).

بێگومان دوای گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی، خەڵکانێکی زۆریان لە دەوروبەری خۆیان کۆکردەوە و فێری خوێندنەوەی نۆتە و ژەنینی ئەو ئامێرانەیان کردن کە لە پەیمانگا فێری ببوون. جگە لەمانەش چەند کەسێکی دیکە کە پێشتر لە جوقی سەربازی کاریان کردبوو بە هەمان شێوە نۆتەی موزیکییان دەزانی. وەک (شەوکەت ڕەشید و ئەنوەر صالح) کە ئەمانەش بە هەمان شێوە خەڵکی سلێمانی لێیانەوە فێری نۆتە خوێندنەوە بوون. کە لەو کاتەدا وەک ژەنیار لە تیپی مەولەوی کاریان دەکرد. بەم شێوەیە ئەم ڕەوتە وردە وردە بەرەوپێش چوو تا ئەو کاتەی کە لە دوای چواردەی تەمووز زیاتر بەرفراوان بوو. لە ئەنجامدا زۆر خولی تایبەت بە فێربوونی ئامێرەکان و نۆتەی موزیک لە سلێمانی کرانەوە و ئارەزوومەندان بەژداریان تێدا دەکرد. من لەو کاتەدا یەکێک بووم لەو کەسانەی کە زۆر ئارەزووی بەژداریکردنم لەم خولانەدا دەکرد، بە تایبەت کە دەمبینی سوردەکانیان بە نۆتە دەنوسیەوە و دەیانژەنین. ئەم

هێمایانە بەلامەوە زۆر سەیر بوو کاتێک دەمبینی نۆتەکانیان لە بەردەم خۆیان دادەنا و بە ئامێری ترامپێت دەیانژەنی. ئیتر ئەم سەرەتایە بەم شێوازە بەردەوام بوو تا سەرەتایی (١٩٦٠) خانەی مامۆستایان لە سلێمانی وانەی مۆسیقایان دانا و کۆمەڵێک مامۆستای شارەزا تیایدا وانەی سرود و گۆرانییان دەوتەوە و بە سەر قوتابخانەکاندا دەگەڕان و قۆتابیانی بەهرەمەند و ئارەزوومەندیان دەستنیشان دەکرد و وانەی سرود و گۆرانییان پێ دەوتینەوە، من یەکێک بووم لەم قوتابیانە، بەڵام بە بێ نۆتە تەنها بە شێوەی سەماعی فێری سرود و گۆرانییەکانیان دەکردین و پێیان لەبەر دەکردین. دواتر لە دوای شەستەکان کە ئێمە بۆ خوێندنی وانەی موزیک دەچووین بۆ خانەی مامۆستایان، لەوێ مامۆستا (ولییەم یوحەنا) سەرەتاکانی مۆسیقای بە نۆتە فێری ئێمە کرد. شایانی بەسە مامۆستا ولییەم یوحەنا لە هەمان کاتدا هاوکاری تیپی مەولەویشی دەکرد، کە هەندێک لە ئەندامانی تیپەکە بە نۆتە خەریک بوون لەوانە قادر دیلان و کۆمەلێکی دیکە، کە دوای فێربوونیان ئەوانیش توانیان پەرە بەم سەرەتایە بدەن، وای لێهات ئەوانیش گۆرانییەکانیان بە نۆتە ئامادە دەکرد و دەیان خستە بەردەستی ژەنیارەکان بۆ ئەوەی لە تیپەکەدا بژەنرێن. ئیتر ئەم سەرەتایە بەردەوام بوو، تا بووە هۆی ئەوەی کە بەدوایاندا تیپی مۆسیقای سلێمانی و پەیمانگای هونەرەجوانەکان و دواتر کۆلێژی هونەرەجوانەکان لە شاری سلێمانی کرانەوە و ئەم ئاراستەیە جوان هاتە پێش و جێگەی خۆی گرت.

هەروەها هەر سەبارەت بە هەمان بابەت لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا غەمگین فەرەج (October 11, 2021) ووتی:- مێژووی دەسپێکی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە کوردستانی باشور بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵانی (١٩٥٠) لە تیپی مەولەوی لە سلێمانی. لە سەر دەستی ئەو کەسانەی کە نۆتەی موزیکیان دەزانی لەوانە مامۆستایان قادر دیلان و ولیەم یوحەنا و کە دەرچووی پەیمانگای هونەراجوانەکانی بەغداد بوون. لە ساڵی (١٩٦٠) مامۆستا قادر دیلان و ولییەم یوحەنا خۆڵی فێرکردنی نۆتەی موزیکییان کردەوە، لە سەر دەستی ئەودا چەندان هونەرمەند فێری خوێندنەوەی نۆتەی موزیک بوون لەوانە ئەنوەر قەرەداخی و خالید سەرکار و گەلێکی دیکە. کە هەر ئەمانە بوونە هۆی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سلێمانی لە ساڵی (١٩٦٩) کە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشەنبیری عێراق بە فەرمی مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت. گرنگترین ئەو کەسانەی کە لەم سەردەمە نۆتەکانی تیپی سلێمانیان دەنوسی بریتی بوون لە ولیەم یوحەنا و ئەنوەر قەرەداخی و فرانسیس داود و سەلاح رەئوف و دلێر ئیراهیم و ئەلبێرت عیسا و عوسمان محمد ئەمین.

هەروەها لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ سەڵاح رەئوف (October 16, 2021) سەبارەت بە مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە تیپەکانی باشوری کوردستان و شاری سلێمانی بەتایبەتی ووتی:- مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە باشوری کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ تیپی مەولەوی لە سلێمانی بۆ یەکەم جار لە سەردەستی مامۆستا (ولییەم یوحەنا) موزیک لە بواری سەماعی دەرچوو و کار با نۆتەی موزیک کرا. لەو سەردەمەدا، لە ڕێگای مامۆستا (ولییەم یوحەنا) نۆتە نوسینەوە سەری هەڵدا و بڵاوبووەوە. بەڵام بە ئاستی سەردەمەکە نەک بەو ئاستە پێشکەوتووەی ئێستای. بیرمە لە ساڵی (١٩٦٩) لە لای مامۆستای ناوبراو بومە قوتابی ئامێری کەمان، لە سەر پەرتوکی (ڕۆڵاند) فێری ژەنینی نۆتەی کردم، ئەو کاتە کتێبی نۆتەی موزیک بەدەگمەن لە سلێمانی بەدی دەکرا. بۆیە فێری نۆتە نوسینەوەی کردم و پاش پەرتوکی ڕۆڵاند کتێبەکانی وەک (سەفجیک، کایزەر) و چەند پەرتوکێکی دیکەی پی ناساندم. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت مێژووی پەیدابوونی نۆتەی موسیقا و کارکردن بە نۆتە لە شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە بۆ تیپی مەولەوی لە سەر دەستی مامۆستا ولییەم یوحەنا.

### 3.2 مێژووی کارکردن و سەرهەڵدانی نۆتەی موزیک لە شاری هەولێر.

تیپی هونەری هەولێر، لە سالێ ١٩٧١ بە سەرکێشی کۆمەڵێک لە هونەرمەندان و مامۆستایان و ڕۆشەنبیرانی شارەکە دامەزرا. سەبارەت بە چۆنییەتی دامەزراندنی تیپەکە دەڵێت، کە باسی دروست بوونی تیپی هونەری هەولێر دەکەین، دەبێت کەمێک بگەڕێینەوە ساڵانی بەر لە دروست بوونی تیپەکە. بەر لە دروست بوونی تیپی هونەری هەولێر ئێمە کۆمەڵێک هونەرمەند بە بێ بوونی مۆڵەت لە ساڵی (١٩٥٧) تیپێکی بچووکمان بە ناوی تیپی (دەرسیم) هەبوو. هەرچەندە گەلێک جار هەوڵماندا کە مۆڵەتی فەرمی وەرگرین، بەڵام بەهۆی ئەو مەرجانەی کە بۆیان دادەنایین ڕازی نەدەبووین بە مۆڵەتەکە. دوای ئەوەی کە نەمانتوانی مۆڵەت بۆ تیپی دەرسیم وەرگرین، بەیانی ١١ی ئازاری بە سەر دا هات، ئەوە بوو بە هەلمان زانی دوبارە داواکارییەکی دیکە پێشکەش بکەین، کە ئەو کات (عەبدول وەهاب ئەتروشی) پارێزگاری هەولێر بوو. دوای ئەوەی خۆم سەردانم کرد و ویست و ئارەزووی خۆمانم بۆ دامەرزاندنی تیپێکی مۆڵەتدار پێ ڕاگەیاند، خۆشبەختانە بە داواکەمان ڕازی بوو. ئێمە دەستبەجێ بە ناوی (٣) کەسی دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی ئەوسای بەغدا ( جەمال هیدایەت، تەحسین تەها، سۆڵتان عەبدوڵلا) و (١٢) کەس لە

دەستەی دامەزرێنەر، مۆڵەتەکەمان پێشکەش کرد و دوای ماوەیەک بڕیاری مۆڵەتەکەمان لە بەغداد بە ژمارە (٧١٢) لە بەرواری ١٩٧٩/٢/١ گەڕایەوە و تیپەکەمان ناونا تیپی هونەری هەولێر. (جیهانبەخش 1997:176).

سەبارەت بە مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە شاری هەولێر، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا ڕەنجبەر خۆشناو کە ئەندامی تیپی هونەری هەولێر بووە (January 6, 2022) ووتی:- مامۆستا (جەمال هیدایەت) یەکەم کەسە لە شاری هەولێر، کە چۆتە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا و لە ساڵی (١٩٥١-١٩٥٦) بڕوانامەی ئەکادیمی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی لە بەشی موزیک بەدەست هێناوە، دوای گەڕانەوەی لە قوتابخانەکانی شاری هەولیر وەک مامۆستای وانەی سروود و گۆرانی دادەمەزرێت و چەندان قوتابی بەهرەمەند لە بواری هونەری مۆسیقا پێرادەگەیەنێت.

هەر سەبارەت بە مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە شاری هەولێر، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا هونەرمەند ڕزگار خۆشناو (December 16, 2021) ووتی:- یەکەم خولی موزیک لە شاری هەولێر بەشێوەی ئەکادیمی، مێژووەکەی بۆ هاوینی ساڵی (١٩٥٧) دەگەڕێتەوە، کە مامۆستا (جەمال هیدایەت) دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی پەیمانگا و گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵێک قوتابی خانەی مامۆستایان کردۆتییەوە. لەوانە ( واحید مەرجان، مستەفا ڕەئۆف، ئەحمەد شەنگە). شایانی باسە، ئەم خولە ماوەی سێ مانگ بەردەوام بووە، قوتابیانی خانەی مامۆستایانی بەشێوەیەکی زانستی فێری نیشانەکانی نۆتە و زانستی مۆسیقا کردووە. لەوێوە توانی کۆمەڵێک بەهرەمەند دەست نیشان بکات وەک (واحید مەرجان، نورەدین ئیبراهیم، چەتۆ حەسەن، سالح ئەحمەد بەنا، شەمسەدین عومەر و مونعیم مەزهەر) گەڵێک بەهرەمەندی دیکە کە دواتر بەشێکیان بوون بە هەوێنی دامەزراندنی تیپی (دەرسیم) کە وەک یەکەم تیپی موزیک لەشاری هەولێر لە ساڵی (١٩٥٩) بە سەرکێشی مامۆستا (جەمال هیدایەت) دامەزرا.

ئەم ڕۆشەنبیرییە هونەرییە لە شاری هەولێر بەردەوام بوو، دواتر دامەزراندنی چەندان تیپێکی بەدواداهات. وەک تیپی (نەقابەی مامۆستایان) لە ساڵی (١٩٦٨)، تیپی (یەکیتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) لە ساڵی (١٩٧٠).

ئەوەی شایانی باسە کارکردنی ئەم تیپانەی هەر بە شێوەی (سەماعی) بوو، چونکە ئەوکاتە هەموو ژەنیارەکان لە خوێندنەوەی نۆتە زۆر باش نەبوون و بە کەمی بایەخیان بە نۆتە دەدا. بەڵام لە ساڵی (١٩٧٦)، ئێمە کۆمەڵێک هونەرمەند لە تیپی شانۆی لادێ (المصرح الريفي)، توانیمان بۆ یەکەم جار لە تیپێکی موزیک دوو بەرهەمی گۆرانی بە نۆتە ئامادەبکەین و دواتر لە ستۆدیۆی تیپی مۆسیقای سلێمانی بە هاوکاری هۆنەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی) تۆماریان بکەین کە بریتی بوون لە هەردوو گۆرانی (دورم لە یاران) قادر زیرەک و (حەزم لی کردووی) مەحەمەد جەزا. دەتوانم بڵێم یەکەم دەسپێکی کارکردنی تیپ بە نۆتەی موزیک دەگەڕێتەوە بۆ تیپی شانۆی لادێ بەڵام دواتر تیپەکە هەڵوەشایەوە و زۆربەی ئەندامەکانی لەگەڵ دامەزراندنی تیپی هونەری هەولێر ڕوویان لە تیپی هونەری هەولێر کرد.

هەر سەبارەت بەم مێژووە، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا وریا ئەحمەد (September 20, 2021) ووتی:- وەکو لە مامۆستای کۆچ کردوو (سەردار ئەحمەد) م بیستووە، مامۆستا (جەمال هیدایەت و سوڵتان عەبدوڵلا) وەک دوو کەسایەتی هەولێر لە یەکەم خولی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا وەرگیراون. مامۆستا (سوڵتان) لەم بارەیەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵام ووتی لەگەل هەر یەک لە مامۆستایان ( جەمال هیدایەت و عەبدوڵلا دڵسۆز) لەو کاتەی کە لە چالاکی قوتابخانەکان بە یەکەوە مامۆستا بووین، گەلێک جار دادەنیشتین یەک خانە و تەسلیی سەماعیەکمان لێدەدا، کە ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە لە ساڵانی شەستەکانەوە لە هەولێر نۆتەی موزیک و شارەزا لە نۆتەی موزیک هەبووە.

هەروەها لە درێژەی گفتوگۆ سەبارەت بە نۆتەی موزیک لە تیپەکان ووتی:- وەکو تیپ کە نۆتە بەکارهێنرابێت و خرابێتە بەر دەمی هەموو ژەنیارەکان و ستاند دانرابیت و کۆپی کرابێت یان بەدەست نۆسرابێتەوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ تیپی هونەری هەولێر لە ساڵی (١٩٧٥) کە زۆربەی ژەنیارەکان نۆتەیان دەخوێندەوە و شارەزا بوون لە نۆتە لەوانە ( ڕەنجبەر خۆشناو، جان تۆماس، کامەران تەها، ڕزگار خۆشناو، سەردار ئەحمەد، جەودەت هاشم، شێرزاد عوزێری، سەید ئەحمەد بەرزنجی. جەودەت شاکر، جەمال عوسمان) بۆیە دەتوانین بڵێین مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ تیپی مۆسیقای هەولێر کە لقێک بوو لە تیپی هونەری هەولێر، وەک یەکەمین تیپی موزیک، لە (١٩٧٠/٢/١) بە فەرمانی ژمارە (٧١٣) لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی بەغدا، بە فەرمی مۆڵەتی وەرگرت و دەستی بەکار کرد.

هەروەها لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا شیرزاد سەرسپی (May 19 ،2021) ووتی:- یەکەم تیپ کە بە نۆتە کاری کردبێت لە هەولێر، تیپی هونەری هەولێر بوو. هەرچەندە بە پێی زانیاری من لە سەرەتادا بە نۆتە کاریان نەکرد، چونکە بەشێکی زۆر لە ژەنیارەکانی لە خوێندنەوەی نۆتە توانایەکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڵام دواتر تیپەکە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و هەموو کارەکان بە نۆتە ئەنجام دەدران. لە ئەنجامی ڕای موزیککارانی دێرین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سەرهەڵدانی نۆتەی موزیک لە شاری هەولێر

دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شەستەکان لە سەر دەستی (جەمال هیدایەت)، بەڵام وەک لە تیپ کاری پێ کرابیت یەکەم تیپ لە تیپی هونەری هەولێر و تیپی شانۆی لادێ بووە لە سالانی (١٩٧٥-١٩٧٦).

**3.3 مێژووی کارکردن و سەرهەڵدانی نۆتەی موزیک لە شاری دهۆک.**

لە گفتوگۆیەکی تایبەت جمال محمد ئەدیب (November 11, 2021) ووتی:-:- بەر لە دروست بوونی تیپی موسیقای دهۆک، لە (١٩٧٧/٤/٢٢) فیستیڤاڵیکی گەورە بۆ چاڵاکی قوتابخانەکان لە سەر ئاستی هەموو عیراق لە شاری سەماوە سازکرا. تیپی چالاکی قوتابخانەکانی دهۆک، بە ناوی (تیپی کۆڕاڵ یان چاڵاکی قوتابخانەکان) بە سەرپەرشتی (دلشاد محمد سەعید) بەژداری تێداکرد، پلەی یەکەمی بە دەست هێنا. شایانی باسە ژەنیارانی تیپی چاڵاکی قوتابخانەکان، لە کۆمەڵێک ژەنیار پێکهاتبوون کە لە ئەنجامی خولە موزیکییەکانی چالاکی قوتابخانەکان لە ژێر دەستی مامۆستا وەلید خاللید فێری موزیک ببوون، لەگەڵ هەندێک قوتابی دیکە کە مامۆستا (دلشاد محمد سەعید) فێری موزیکی کردبوون. ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی تیپی مۆسیقای دهۆک لە ساڵی (١٩٧٩) دابمەزرێت.

سەبارەت بە تیپەکە، لە گفتوگۆیەکی تایبەت دلشاد محمد سەعید لە (Desember,27,2021) بۆ ئەم توێژینەوەیە ووتی:- دوای ئەم سەرکەوتنەمان لە ئاهەنگی ڤیستیڤاڵی شاری (سەماوە)، توانیمان بە ماندوبوونی هەموو لایەک لە (١٩٧٩/٥/٣١)، تیپی مۆسیقای دهۆک سەر بە یەکێتی ئافرەتانی عیراق وەک یەکەم تیپی فەرمی بە (١٥) ژەنیار لە شاری دهۆک دابمەزرێنین. ئەم گروپە موزیکییە، بەوە ناسرا بوو، کە موزیکی فۆلکلۆری کوردی تێکەڵ بە مۆسیقای ڕۆژئاوایی دەکرد، یان بە واتایەکی دیکە بە ڕێزمانی موزیکی ڕۆژئاوایی بەرهەمەکانی پێشکەشی دەکرد. لە ساڵی (١٩٧٩) توانیمان هەندێک ئامێری موزیک بە هاوکاری مامۆستا (جمیل عەبدوڵلا) کە مامۆستا بوو لە خانەی مامۆستایان و هەندێکی دیکە لە بەغداوە بۆ تیپەکە پەیدا بکەین. لە ساڵی (١٩٨٠) ستۆدیۆی تابەت بە تیپەکەمان بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانمان دامەزراند. هەر لە سالی (١٩٨٠) بۆ یەکەم جار بەژداری دوو ئاهەنگمان لە دهۆک و زاخۆ دا کرد. لە سالێ (١٩٨١) یەکەم کاسیەتمان بڵاوکردەوە. بەم شێوەیە تیپەکە لە چاڵاکی بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی من لە ساڵی (١٩٨٤) بە مەبەستی خوێندن چوومە دەرەوەی وڵات و مامۆستا (وەلید خالید) وەک ڕابەری تیپ دەست بەکار بوو.

لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا جمال محمد ئەدیب (November 11, 2021) سەبارەت بە مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە شاری دهۆک ووتی:- پاش ئەوەی شاری دهۆک لە ساڵی ١٩٦٨ کرا بە پارێزگا، لە هەموو لایەنەکان پێشکەوتنی بەچاوی بە خۆیەوە بینی و بایەخی پێ دەدرا. بێگومان ئەم پێشکەوتنە بۆ بواری هونەریش بە هەمان شێوە بوو. بەڵام پێشکەوتنی ڕاستەقینەو بەرچاوی هونەری موزیک لە دهۆک، لەوکاتەوە دەستی پێ کرد کاتێک لە سەرەتاکانی (١٩٧٠) کۆمەڵێک کەس بڕوانامەی ئەکادیمی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدایان بە دەست هێنا، وەک ( یعقوب شمعون، شێرزاد محمد سعید، سمیر زاخۆلی). یعقوب شەمعون یەکەم کەس بوو کە خولی فێرکردنی ئامێرەکانی موزیکی لە (مرکز شباب) کردەوە و توانیویەتی خەڵکێکی زۆر فێری نۆتەی موزیک بکات.

دوای مرکز شباب فێرگەیەکی دیکە بۆ فێربوونی موزیک لە شاری دهۆک چاڵاکی قوتابخانەکان بوو، کە مامۆستا (ولید خالید) لەگەڵ ئەوەی دەرچووی ئامادەیی پێشەسازی بوو، بەڵام شارەزایی باشی لە موزیک هەبوو، لە ڕێگەی خولەکانەوە چەندین ژەنیاری پێڕاگەیاند. بەم شێوەیە ئەم ڕەوتە بەردەوام بوو تا لە مانگی ٣ی ساڵی ١٩٧٩ تیپی موزیکی دهۆک بە سەرکێشی و پێداگری مامۆستا (صلاح الدین صالح) دێرینترین موزیکژەنی شاری دهۆک و هاوکاری مامۆستا (جمیل ابراهیم عیسی، دلشاد محمد سعید و ولید خالید) دامەزرا.

بێگومان بەر لەتیپی دهۆک ئەو تیپانەی کە لەشاری دهۆک هەبوون، بریتین لە تیپی (١١ی ئادار) کە هەر لەسەر دەستی مامۆستا (صلاح الدین صالح) دامەزراوە و خزمەتی بزافی هونەری لە دهۆک کردوە.

هەروەها دواتر توانی بە هاماهەنگی لەگەڵ هونەرمەندانی موصل و زاخۆ تیپێکی دیکە بە ناوی تیپی (سۆلاف) بە هاوکاری (سمیر زاخۆلی، شێرزاد محمد سعید) دابمەزرێنێت. بێگومان تا ئێرە کەرکردن بە نۆتەی موزیک لە تیپەکاندا نەبوو تەنها ئەوەی هەبوو لە سەر ئاستی تاکە کەسی بوو، تا ڕادەیەکی زۆر سنوردار بوو.

سەبارەت مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک بۆ یەکەم جار لە شاری دهۆک، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣ کە مامۆستا (دڵشاد محمد سعید) هەڵسا بە کردنەوەی خولێکی فێرکردنی نۆتەی موزیک بۆ سەرجەم ژەنیارەکانی ئەوسای تیپی مۆسیقای دهۆک، خولەکە ماوەی دوو مانگی خایاند، ئیتر کار کردن بە نۆتە وەردە وردە گەشەی سەند و تیپی دهۆک لە بواری کارکردن بە نۆتەی موزیک

ڕێچکەی خۆی گرت و لە شێوازی (سماعی) دەرچوو. بێگومان ئەوەش لە بیر نەکەین کە دواتر مامۆستایان (ولید خالید، بدرخان ابراهیم) لەم بوارە دەوری خۆیان گێرا توانیان ئەوانیش هەندێک بەرهەم بە نۆتە بهێننە تیپی دهۆک.

هەر سەبارەت بەم مێژووە لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا دلشاد محمد سەعید (Desember,27,2021) ووتی:- مێژووی کارکردن بە نۆتەی موزیک لە شاری دهۆک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٨١) لە تیپی دهۆک. پێش تیپی دهۆک هیچ تیپێکی دیکە لە دهۆک کاری بە نۆتەی مۆسیقا نەکردووە. بەم پێیە دەردەکەوێت یەکەم کارکردن بە نۆتەی موزیک لە دهۆک بۆ ساڵی (١٩٨١) دەگەڕێتەوە. وە هەروەها لە کوردستانی باشوور بە گشتی لە شاری سلێمانی بووە لە تیپی مەلەوی.

**4. ڕێککارەکانی شیکردنەوەی توێژینەوە:-**

**چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئۆڕنەمێنتەکان لە بەرهەمە موزیکیە کوردییەکان لە کوردستانی عێراق.**

مەبەست لە چۆنییەتی (نوسینەوەی ئۆڕنەمێنت)، کە لە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەدا هاتووە، بە مانای چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ئۆڕنەمێنتە موزیکییانەیە، لە نێو بەرهەمی موزیکی تیپەکانی باشوری کوردستان. وەک (تیپی هونەری هەولێر و تیپی مۆسیقای سلێمانی و دهۆک).

لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا خالید سەرکار (August 29, 2021) ووتی:- نۆتەی موزیکی کوردی کۆن، ئەو نۆتانەن کە بەر لە پەیدابوونی بەرنامە ئەلیکترۆنییەکانی نۆتە نوسین بە دەست دەمانوسین.

سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم هێما ئۆڕنەمێنتیانە ووتی:- ئەوەی کە بیرم بێت بە دەگمەن لە سەر نۆتەکان دەماننوسین، جگە لە (ترێڵ) نایەتە بیرم ئەوانی دیکەمان لەسەر نۆتە نوسیبێت. بەڵام ئەمە نەک بەو مانایەی کە ئەوانی دیکەمان بەکار نەهێناوە، بەڵکو ئەگەر مەبەستمان هەر جۆرە ژەنینێکی ئەوانی دیکە بوایە، بە هۆی کەمی ئەزمونی ژەنیارەکان لە خوێندنەوەی ئەم هێمایانە ناچار بووین بە شێوەی ژەنین و سۆلفیج ژەنیارەکان تێبگەیەنین کە چۆن بیانژەنن.

هەر سەبارەت بەم بابەتە لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا ئەنوەر قەرەداخی (September 26, 2021) ووتی:- بەکارهێنانی ئەم ئۆڕنەمێنتانە و ژەنینیان لە لایەن ژەنیاران لەم سەردەمە ئەستەم بوو، چونکە ژەنیاران لەم سەردەمە لە خوێندنەوەی نۆتە شارەزایی ئەوتۆیان نەبوو، چ جا ئەوەی بتوانن ئەم جوانکاریانە بژەنن. بۆیە ئێمە لەم سەردەمانەی کۆندا، هەر شتێکمان مەبەست بوایە دەبوایە بە شێوەی ژەنین بۆ ژەنیارەکان بیژەنین و ڕوونمان دەکردەوە کە چۆن بیژەنن. بەم شێوەیە ژەنیارانمان بە شیوەی (سەماعی) بە چۆنییەتی ژەنینی ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتیانە ئاشنا دەکرد و ڕاهێنانی زۆرمان لەم شوێنانەدا دەکرد تا مەبەستەکەمان دەهاتە ژەنین. بەم شێوەیە ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتیانەمان بەکار دەهێنا بە بێ ئەوەی لەسەر نۆتە بیاننوسینەوە. ئەوەی زیاتر بەو بوو ئەم ئۆڕنەمینتانە زیاتر لە لایەن ژەنیارانی سۆلۆکان دەژەنران، ئەوان هەمیشە لە توانا و هەست و فانتازیای خۆیان ئەم جوانکاریانەیان دەدا بە سۆلۆکان و دەیانژەنین.

هەروەها هەر سەبارەت بە چۆنییەتی کارکردن بەم ئۆڕنەمێنتانە لە شاری هەولێر و تیپی هونەری هەولێر وریا ئەحمەد (September 20, 2021) لە گفتوگۆیەکی تایبەت بۆ ئەم توێژینەوە ووتی:- لە تیپی هونەری هەولێر ژەنیاران توانای ئەوتۆیان بۆ ژەنینی نۆتە و ئەو ئۆڕنەمێنتانە نەبوو، بۆیە ئەم ئۆڕنەمێنتانە هەر بە شێوەی (سەماعی) لێدەدران.

هەروەها هەر سەبارەت بە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم ئۆڕنەمێنتانە لە تیپی هەولێر، لە گفتوگۆیەکی تایبەت ( December 20, 2021) ڕەنجبەر خۆشناو ئەندامی تیپی هونەری هەولێر، هەمان قسەکانی (وریا ئەحمەد) ی پشت ڕاست کردەوە.

هەر سەبارەت بەم بابەتە لە دهۆک، لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا دلشاد محمد سەعید (Desember,27,2021) بۆ ئەم توێژینەوەیە ووتی:- بەر لە دامەزراندنی (تیپی مۆسیقای دهۆک)، ماوەیەکی درێژ بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە تیپێکی مۆسیقا لە شاری دهۆک دروست بکەم، بەڵام بە هۆی کەمی ژەنیاری باش و ئەکادیمی لەو سەردەمە هەموو جار کێشەم بۆ دروست دەبوو نەم دەتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەم. دواجار لە بە هۆی حەزی زۆرم بۆ دامەزراندنی تیپەکە، ناچاربووم لە (١٩٧٩/٤/٢٢) تیپەکەمان بە ژەنیاری سەرەتایی دامەزراند. لە سەرەتای دامەزراندنی تیپەکە بە هۆی خراپی توانای دارایی و نەبوونی ئامێر و ژەنیاری باش، ناجاربووم ژەنیار و موزیکژەنی سەرەتایی لە تیپەکە وەربگرم لەگەڵ (٦٠) ئەندامی کور و کچ بۆ بەشی کۆڕال لە تیپەکە. بە هۆی ئەوەی ژەنیارانی تیپەکە لە سەرەتادا ژەنیاری سەرەتایی و نا ئەکادیمی بوون. بۆیە ناچار بووم پاش دامەزراندنی (تیپی مۆسیقای دهۆک) خولی فێرکردنی نۆتەی مۆسیقا بۆ ژەنیارەکانی تیپەکە بکەمەوە. لێرەدا مەبەستمە ئەوە بڵێم کە ئەم کەمی ئەزمونییەی ژەنیارانی تیپەکە لە خوێندنەوەی نۆتەی مۆسیقا بە تایبەت ژەنینی ئەم ئۆڕنەمێنتانە، بە هیچ شێوەیەک ڕێگای نەدەدا ئەم هێما ئۆڕنەمێنتیانە لە سەر نۆتەی مۆسیقا بنوسین. بۆیە ناجار، لە هەر جێگایەک ژەنینی ئەم ئۆڕنەمێنتانە هەبوایە، بە شێوەی ژەنین بە ئامێرەکەی

خۆم لە پێشیان دەمژەنی و ئەوانیش گوێیان لێ دەگرتم و لاسایی ژەنینەکەی منیان دەکردەوە و بەم شێوەیە ئەم ئۆرنەمێنتانەیان دەژەنی تاکو نۆتەکەیان لەبەر دەکرد و پاشان بە (سەماعی) دەیانژەنی. بەڵام سەبارەت بە نۆتەی پارچە موزیکەکانی خۆم کە بەرهەمی تاکی و کەسی خۆمە، زۆرێک لەم ئۆرنەمێنتانەم بەکارهێناوە و نوسیومەتەوە بە تایبەت ( ترێڵ، گلیساندۆ، ئەپۆکیاتۆرا، ئەکاسیاکاتۆرا).

هەر سەبارەت بە چۆنییەتی کارکردن بەم ئۆرنەمێنتانە لە شاری دهۆک و تیپی مۆسیقای دهۆک، جمال محمد ئەدیب (November 11, 2021) ووتی:- ژەنینی ئەم ئۆرنەمێنتانە بە هۆی ئەوەی زۆربەی ژەنیارانی تیپی دهۆک دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکان نەبوون ئاسان نەبوو. بۆیە بۆ ئەم جۆرە ژەنینانە مامۆستا (دلشاد محمد سەعید) ئێمەی بە سەر چەند گروپێک دابەش دەکرد و بە جیا ژەنینی ئەم جۆرە شتانەی بە سەماعی بۆ ڕوون دەکردینەوە، چەند جارێک بە ئامێری خۆی لە بەردەم ئێمە ئەو شوێنانەی دەژەنی و بە شێوەی سۆلفیج فێری دەکردین.

سەڵاح رەئوف لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا (October 16, 2021) سەبارەت بە چۆنییەتی ڕەنگدانەوەی ئۆرنەمێنتەکان لە نێو موزیکی کوردیدا لە کوردستانی باشور بە گشتی ووتی:- نوسینی ئەم هێما ئۆرنەمنتیانە، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەرین، کە بە هۆی کرانەوەی پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لە کوردستان، تیپە موزیکییەکان ژەنیار و موزیککاری باش و بەتوانای تێکەوت. ئیتر وردە وردە هەندێک لەم هێما ئۆرنەمێنتیانە لەسەر نۆتە نوسرانەوە و بەکارهاتن لەوانە باوترینیان کە زۆر بەکارهاتووە (ترێڵ و ئەپۆکیاتۆرا و تارادەیەک گلیساندۆ) بوو. ئێستاش لەگەڵ دا بێت، ژەنیاران زۆرجار ئەم نەخشاندنانە لە میانی توانا و هەستی خۆیان بەرجەستە دەکەن، بە شێوەیەک زۆرجار لەگەڵ ئەوەی ئەم نەخشانە لە سەر نۆتەکان داوا نەکراوە و بەدی ناکرێن، بەڵام ژەنیار لە کاتی ژەنیندا بە پێی ویست و هەستی خۆی بەرجەستەی دەکات و نۆتەکان بە جوانکاریەوە دەژەنێ بە تایبەت ژەنیارە تاک ژەنەکان لە کاتی ژەنینی صۆلۆکانیان. بۆیە گەر سەیری نۆتە کۆنەکان بکەی بە ڕوونی ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە نۆتەکان زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەوەی کە بیستومانن. چونکە نۆتەکان سادە و بێ جوانکاری هەر تەنیا ئاوازی سەرەکی نوسراون، بەڵام کە گوێیان لێ دەگریت، ژەنیاران لە کاتی ژەنین ئەم جوانکاریانەیان بە پێی هەستی خۆیان بۆ زیاد کردوە و بە جوانکاریەوە ژەنراون.

لە ئەنجامی ئەم ڕاپرسیانەی سەرەوە، دەرکەوت کە ئۆرنەمێنت لە موزیکی کوردی لە تیپەکانی کوردستانی باشور ژەنراوە، بەڵام بە دەگمەن لە سەر نۆتە نوسراوەتەوە. زیاتر لە لایەن ژەنیارانی سۆلۆکان بەکارهاتووە و باوترین ئۆرنەمێنت کە بەکارهاتووە و لەسەر نۆتە نوسراوە بریتییە لە ترێڵ.

**4.1 خشتەی (١) ڕوونکردنەوەی چەندیەتی بەکارهێنانی (ئۆرنەمێنتە موزیکییەکان) لە بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای هەولێر.**

| ژ | ناوی بەرهەم | ساڵی تۆمار | ترێڵ | مۆردێنت | پێچدانەوە | ئەپۆچیاتۆرا | ئەکاسیاکاتۆرا | ئارپێجیۆ | گلیساندۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەویار | ١٩٧٢-١٩٧٣ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٢ | شلکە و تەنکە | ١٩٧٢-١٩٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣ | لە بنەوار | ١٩٧٢-١٩٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤ | قەڵاوسەفین/ کۆرس | ١٩٧٢-١٩٧٣ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٥ | مۆسیقای بەفرین | ١٩٧٢-١٩٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٦ | ئامۆزا گیان | ١٩٧٢-١٩٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧ | مۆسیقای سۆران | ١٩٧٢- | ✓ | × | × | × | × | × | × |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١٩٧٣ | | | | | | | |
| ٨ | ئەزیزم بەیانی | ١٩٧٧ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٩ | کچێ خەجێ | ١٩٧٧ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٠ | بەناز گیان | ١٩٧٧ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ١١ | بەنازی کچێ بەنازی | ١٩٧٧ | ✓ | × | × | × | × | × | ✓ |
| ١٢ | ئاییە و ئۆییە | ١٩٧٧ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ١٣ | ئەو چاوانەی | ١٩٧٧ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٤ | شیرینێ لەیلانێ | ١٩٧٧ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ١٥ | پەشیمانی | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٦ | بەهاری ڕووزەرد | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٧ | دوگمەی سینە | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | ✓ | × | ✓ | × |
| ١٨ | سەلام | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ١٩ | بلوێری شوان | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٠ | جوانی کوێستان | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٢١ | بە گیانی تۆ درۆیە | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٢ | وا ئەڕۆی | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٣ | بۆ کچی بێگانە | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٢٤ | هەموو ڕۆژێ | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٥ | حەیران و بەستە | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | ✓ | × | × |
| ٢٦ | چارەنوس بەهار بوو | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٧ | یارم بێ شانە | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٢٨ | خرینگە | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٢٩ | چاوی ڕەش جوانە | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣٠ | کەژاڵ | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | ✓ | × | × |
| ٣١ | کۆڵانی تەنگەبەر | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣٢ | ئەمان ساقی | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٣٣ | من ئەزانم | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣٤ | ئاگر بارانە | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣٥ | مۆسیقای پیرمەم | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣٦ | مۆسیقای سروە | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣٧ | بەلەنجە و بەلەنجە | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٣٨ | ڕۆژەک لە ڕۆژان | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣٩ | هەی لەیلی | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٠ | یارم لە هەوارییە | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٤١ | بازی کوێستانان | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٤٢ | ئەمان سەیزادە | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٣ | ڕەنگی زەردم | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٤ | بریندارم | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٤٥ | لەبنەوار | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٦ | هەتیوێک بووم | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٧ | دەسرە پەژمێنە | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٨ | خرینەگە | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٤٩ | مۆسیقای زەنگەڵێن | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | ✓ | × | × |
| ئەنجامی چەندییەتی ئۆڕنەمێنت لە بەرهەمەکان | | | ٢٧ | سفر | سفر | ٨ | ٣ | ١ | ١ |

ئەنجام:- لە ئەنجامی ئەم خشتەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە باوترین ئۆڕنەمێنت کە لە بەرهەمەکانی تیپی هونەری هەولێر لە نۆتەکان نوسراوە، بریتییە لە (ترێڵ) کە لە کۆی ٤٩ بەرهەمر لە ٢٧ بەرهەمر نوسراوە. ئەوانی دیکە بە دەگمەن نوسراون یان هەر نە نوسراون.

**4.2 خشتەی (٢) ڕوونکردنەوەی چەندییەتی بەکارهێنانی (ئۆڕنەمێنتە موزیکییەکان) لە بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی.**

| ژ | ناوی بەرهەم | ساڵی تۆمار | ترێڵ | مۆردێن | پێچدنەوە | ئەپۆچیاتۆرا | ئەکاسیاکاتۆرا | ئارپێچیۆ | گلیساندۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مۆسیقای کوێستان | ١٩٧٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٢ | مۆسیقای شەپۆل | ١٩٧٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣ | مۆسیقای گۆڵان | ١٩٧٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤ | مۆسیقای هەوارگە | ١٩٧٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٥ | مۆسیقای شایی | ١٩٧٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٦ | مۆسیقای مەم و زین | ١٩٧٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧ | کۆڕی لادێ | ١٩٧٢ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٨ | هۆرە (٤) | ١٩٧٢ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٩ | لەرزانە | ١٨٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٠ | سەوزەڵێ | ١٨٧٣ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ١١ | گۆڵباجی | ١٨٧٣ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ١٢ | خانمێ وادێ | ١٨٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٣ | گۆڵاڵە سۆرەی | ١٨٧٣ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ١٤ | لە دەرزی پەچەوە | ١٨٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٥ | شەمی شەوانە | ١٨٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٦ | بەجارێ ماڵی وێرانم | ١٨٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |
| ١٧ | دەمەگری | ١٨٧٣ | × | × | × | × | × | × | × |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | کیژان دەچنە مێر گوڵان | ١٨٧٣ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ١٩ | ناسکۆڵە گیان مەگری | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٠ | شل شل بەڕێم کە | ١٩٧٤ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | ✓ |
| ٢١ | خانم خانمی | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٢ | دیمەنی ڕێگاوبان | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٣ | هەی دادو بێداد | ١٩٧٤ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٢٤ | سەرچنار | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٥ | گیان گیان | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٦ | نامەی دووری | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٧ | لەیادم ناچێ | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٢٨ | تەنکە | ١٩٧٤ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٢٩ | جوانێ بێ ناو | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣٠ | ئازیز | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣١ | بە ئاسمانەوە | ١٩٧٤ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣٢ | مەیلەنگێنە | ١٩٧٤ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣٣ | شیرین هەلامە | ١٩٧٤ | ✓ | × | × | × | ✓ | × | × |
| ٣٤ | یاران وەسیەتم | ١٩٧٦ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣٥ | شەو | ١٩٧٦ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣٦ | لێم یاخییە | ١٩٧٦ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٣٧ | باڵا بەرز | ١٩٧٦ | ✓ | ✓ | × | × | × | × | × |
| ٣٨ | یار جوانە | ١٩٧٦ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣٩ | بۆ یەک شەو | ١٩٧٦ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٤٠ | وەی وەی | ١٩٧٦ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤١ | مۆسیقای هەی مەچۆ | ١٩٧٧ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٢ | هەی لادە | ١٩٧٧ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٤٣ | بارانە | ١٩٧٧ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٤ | شیرینە سەوزە | ١٩٧٧ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٤٥ | بەهار هاتەوە | ١٩٧٧ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٦ | هەوارە | ١٩٧٧ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٧ | مۆسیقای تانجەڕۆ | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤٨ | پەرستگای دڵ | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٤٩ | ئارەزووی دەروون | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٥٠ | دەمەڕۆ | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٥١ | سۆزی گەرمیان | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٥٢ | شیرینە سەوزە و مریەمێ | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٥٣ | خەوە خەیاڵە | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٥٤ | غەزالێ | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٥٥ | لاوەنەوە | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٥٦ | یاری خۆم لێ زیزە | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥٧ | ساقیا | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٥٨ | شیرین بەهارە | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٥٩ | لەباغان | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٦٠ | لە گوڵێ لە سورە گوڵێ | ١٩٧٨ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٦١ | کۆڕاڵی شەپۆلی سیروان | ١٩٧٨ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٦٢ | غەزالێ | ١٩٧٩ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٦٣ | دەبێنە بێنە | ١٩٧٩ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٦٤ | ئەوخاڵە جوانە | ١٩٧٩ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٦٥ | نازت بێ | ١٩٧٩ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٦٦ | دەسماڵێ | ١٩٧٩ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٦٧ | تەیری بێ دان و ئاوم | ١٩٧٩ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٦٨ | هەی دەنوێ | ١٩٧٩ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٦٩ | هەی لێ لێ | ١٩٧٩ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٧٠ | من دوور و تۆ دوور | ١٩٧٩ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧١ | شاییە زاماوەندە | ١٩٧٩ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧٢ | شاییەک | ١٩٧٩ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧٣ | گەشت/هەرزاڵێ،دەمەگری، ئامینێ گیان | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | ✓ | × | × |
| ٧٤ | بەژنی تۆ یا بەژنی ڤینۆس | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧٥ | خاکی شیرینی وڵات | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٧٦ | بایان بوو لەخەو هەڵسام | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧٧ | بارانە | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧٨ | ئەی خودا لەم ئاگر بارانە | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧٩ | ئەی گۆڵ | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٨٠ | دەنگی بلوێر و نایە | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٨١ | هۆ لەیل و لەیل | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ئەنجامی چەندییەتی ئۆڕنەمێنت لە بەرهەمەکان | | | ٣٢ | ١ | سفر | ٥ | ٢ | سفر | ١ |

ئەنجام:- لە ئەنجامی ئەم خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (ترێڵ) زۆرترین بەکارهێنانی لە نێو نۆتەی بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمارکردوە لە کۆی (٨١) بەرهەمی سنوری توێژینەوە لە (٣٢) بەرهەم بەدی دەکرێت. ئۆڕنەمێنتەکانی دیکە زۆر بە کەمی نوسراون یان هەر نەنوسراون. بەڵام لە کاتی گوێ گرتن لە بەرهەمەکان لەگەڵ ئەوەی کە نەنوسراون بە ڕوونی دەبیسترێن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئۆڕنەمێت بەکارهاتووە بەڵام نەنوسراون بەڵکو بە سەماعی لێدراون.

گرنگترین بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای دهۆک لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ساڵی ١٩٨٢، کە سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتین لەم بەرهەمانەی خشتەی خوارەوە.

**4.3 خشتەی (٣) ڕوونکردنەوەی چەندییەتی بەکارهێنانی (ئۆڕنەمێنتە موزیکییەکان) لە بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای دهۆک.**

| ژ | ناوی بەرهەم | ساڵی تۆمار | ترێل | مۆردێن | پێچدنەوە | ئەپۆچیاتۆرا | ئەکاسیاکاتۆرا | ئارپێچیۆ | گلیساندۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سلاڤا تیپێ | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٢ | هۆی ئێرگز | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | × | × | × |
| ٣ | گژلۆک | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٤ | نەورۆز | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٥ | کچا کوردا | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | ✓ | × | × | × |
| ٦ | زەری | ١٩٨٠ | × | × | × | × | × | × | × |
| ٧ | تەم زەری | ١٩٨٠ | ✓ | × | × | × | × | × | ✓ |
| ئەنجامی چەندییەتی ئۆڕنەمێنت لە بەرهەمەکان | | | ٤ | سفر | سفر | ١ | سفر | سفر | ١ |

ئەنجام:- لە ئەنجامی ئەم خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە (ترێڵ) زۆرترین بەکارهێنانی لە نێو نۆتەی بەرهەمەکانی تیپی مۆسیقای دهۆک تۆمارکردوە. ئۆڕنەمێنتەکانی دیکە بە دەگمەن لەسەر نۆتە نوسراون یان هەر نەنوسراون.

### 5. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاسپاردە و پێشنیار.

#### 5.1 توێژەران لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتن.

- ئۆڕنەمێنت لە نێو نۆتەی موزیکی کوردی بەکارهاتووە، بەڵام زۆر بەکەمی لەسەر نۆتەکان نوسراونەتەوە، بەڵکو بە زۆری بە سەماعی لێدراون.
- (ترێڵ) باوترین ئۆڕنەمێنتە، کە لە هەموو ئۆڕنەمێنتەکانی دیکە زیاتر لە سەر نۆتەی بەرهەمەکان نوسراوەتەوە.
- ژەنیارانی سەردەمانی کۆن لە نێو تیپە موزیکییە کوردییەکان، بە دەگمەن توانای خوێندنەوەی ئەم نۆتە ئۆڕنەمێنتیانەیان هەبووە، بۆیە بە کەمی لە سەر نۆتە نوسراونەتەوە و بە سەماعی لێدراون.
- لە ڕووی مێژووییەوە، یەکەم شار لە باشووری کوردستان سلێمانی کاری بە نۆتەی موزیک کردوە، پاشان هەولێر و ئینجا دهۆک.

#### 5.2 ڕاسپاردە:

توێژەران پێویستیان زانی ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە ئاراستەی خوێنەران و لایەنی سوودمەند لەم توێژینەوەیە بکەن.

- خوێنەرانی ئەم توێژینەوە ڕادەسپێرین، کە لە سەر لایەنەکانی دیکەی ئەم تیپانە کاربکەن. بەتایبەتی ڕۆڵی هارمۆنی و ڕیتم لە بەرهەمەکان.
- توێژەرانی دیکە، نۆتەی بەرهەمەکانی ئەم تیپانە، سەر لە نوێ بە بەرنامە ئەلیکترۆنییەکانی نۆتە نوسینەوە بە تەواوی و ڕاست و دروستی بنوسنەوە، بە شێوەیەک کە تیایاندا ئەم  نۆتە ئۆڕنەمێنتییانە بە وردی نوسرابێتەوە بۆ ئەوەی ئیتر لە شێوەی ژەنینیان بە سەماعی ڕزگار بکرێن و بخرێنە بەردەستی ژەنیاران.
- موزیککاران، بەرهەمەکانی ئەم تیپانە لە قاڵبی نوێ بە ڕێزمان و دارشتنی کوردی دابڕێژنەوە و شاکاری کوردی جوانیان لی بەرهەم بهێنن.

#### 5.3 پێشنیار:

توێژەران بە پێویستیان زانی ئەم پێشنیارانەی خوارەوە ئاراستەی خوێنەرانی ئەم توێژینەوەیە بکەن.

- لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان لە کوردستانی باشور، گرنگی زیاتر  خوێندنی بابەتی ئۆڕنەمێنتەکان بدرێت و قوتابیان بە تەواوی شارەزا بکرێن لە خوێندنەوەی ئەم ئۆڕنەمێنتانە.

- مامۆستایان لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکانی کوردستان، لە بابەتی کۆژەنی ڕۆژهەڵاتی لە جیاتی لۆنگا و سەماعیات گرنگی بە ژەنین و زیندو کردنەوەی بەرهەمەکانی ئەم تیپانە و بەرگی نوێیان بەبەردا بکەن، بۆ ئەوەی نەوەی نوێیان لێ ئاشنا بکرێت و بپارێزرین.

## 6. سەرچاوەکان


**6.1 پەرتووکە کوردییاکان:**

- ئەحمەد،وریا. (٢٠٠٨)، تەمیرە، هەولێر، چاپخانەی موکریانی.
- ئەحمەد،وریا. (١٩٩٧)، باڵەبان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری.
- ئازید،جەلیل. (٢٠١٦)، تیۆری موزیک، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- لۆڤلک،ولییەم. (١٩٩٨)، بنەماکانی موزیک، و.ع.ج. سەگرمە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- هاڵست، ئیمۆجن. (٢٠٠٥)، ئەلفبێیەکی موزیک، و.ع.ج. سەگرمە، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
- فەرەج، . (١٩٨٧) بۆتەکانی موزیک، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری.

**6.2 پەرتووکە عەرەبییەکان:**

- ابراهيم، مهدي .(1995)، مبادئ العلوم الموسيقية، الطبعة الأولى، سوريا. طرطوس، مركز الفارابى.

**6.3 پەرتووکی ئینگلیزییەکان:**

- Heeler, Wendy (2014), music in the baroque western music in context, United State. Princeton, Norton company press.
- Neumann, Frederick (1978), Ornamentation in baroque and post baroque Music,
- Valery et all, (1995), Ornamentation a question & answer manual, United State. California, Alfred Publishing company, Princeton, Princeton University press.

**6.4 چاوپێکەوتنەکان:**

- ئەحمەد. وریا، (2021)، September.20، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- ئەدیب.جمال، (2021)، November.11، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- خۆشناو. ڕزگار، (2021)، Desember.16، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- خۆشناو. ڕەنجبەر، (2021)، Desember.20، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- ڕەئوف. سەلاح، (2021)، October.16، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- سەرسپی، (2021)، May.19، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- سەرکار، (2021)، August .29، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- سەعید.دلشاد،(December.11(2021، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- فەرەج.غەمگین، (2021)، October.11، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو.
- قەرەداخی، ئەنوەر (2021)، September.26، گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی تۆمارکراو

**6.5 گۆڤارە هونەری و زانستییەکان:**

- جیهانبەخش، (١٩٩٧)، تۆمارێک دەربارەی مێژووی تیپی هونەری هەولێر، (١٠/٥)، ژ.١٦، دەزگای گوڵان.
- جیهانبەخش، (٢٠٠٢)، بەسەرکردنەوەیەکی مێژوویی تیپی مۆسیقای سلێمانی، (١٠/٧)، ژ.٧٦، ناوەندی ڕۆشەنبیری گوڵان.

## كيفية كتابة الزخارف الموسيقية في النوتات الموسيقية الكورديه القديمه فى كوردستان عراق

**كاوان احمد الياس     هەژار احمد مصطفى**

قسم الموسيقى- كلية الفنون الجميلة/ جامعة صلاح الدين- اربيل

**ملخص البحث**

هذا الجهد هو وصف وتحليل لكيفية كتابة العناصر الموسيقية في النوتات الموسيقية الكردية القديمة، وخاصة في فريق أربيل الفني وفرق الموسيقى في السليمانية ودهوك.

وقد حفز عدم اليقين في هذا الموضوع إجراء هذا البحث. لأن معظم النوتات المتاحة خالية من رموز الأورنمينت هذ ، ومع ذلك يتم عزفها من خلال الاستماع ، فهي مليئة بالرموز الأورنمينتية.. لذلك ، أثار هذا الوضع عددا من الأسئلة لدى الباحثين ، أصبح البحث عن إجابات لهذه الأسئلة أساس هذا البحث.. من أجل حل موضوع الأورنمينت بين الموسيقى والأغاني الكردية ، كونها تشكل الهدف من هذه الدراسة.. ولهذا الغرض، تم جمع بيانات مثل نوتات الإنتاج وأصوات الأغاني والكاسيت ومخطوطات هذه الفرق الموسيقية، وبسبب نقص المصادر المكتوبة، تمت جمع المصادرعن طريق المقابلات الشخصية مع أعضاء وموسيقيي هذه الفرق، لمعرفة كيفية انعكاس الأورنمينت في الموسيقى الكردية.

**الكلمات المفتاحية** : الزخرفات، نوتات الموسيقيه، نوته الموسيقى الكورديه، نوته الموسيقى الكورديه القديمه،

## The Method of Writing Music Ornaments in an Old Kurdish Music notes, in Iraqi Kurdistan

**Hazhar Ahmed Mustafa     Kawan Ahmad Elias**

Music Department- Fine Arts College/ Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

This effort is a description and analysis of how musical elements were written in ancient Kurdish musical notes, especially in the Erbil art group and the music groups in Sulaymaniyah and Dohuk.The uncertainty in this topic motivated the conduct of this research. Because most of the available notes are devoid of these ornament symbols, and yet they are played through listening, they are full of ornament symbols... Therefore, this situation raised a number of questions for researchers; the search for answers to these questions became the basis of this research... in order to solve a topic Ornament between Kurdish music and songs, as it constitutes the objective of this study. For this purpose, data such as production notes sounds of songs, cassettes, and manuscripts of these orchestras were collected, and due to the lack of written sources, the sources were collected through personal interviews with members and musicians of these groups, to know how the ointment is reflected in Kurdish music.

**Keywords**: Musical Ornaments, Musical notes, Kurdish notes, old Kurdish notes